
بانکێکی عێراقی بەشداری لەو "هەژماری من" دەکات



فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێم رایگەیاند، بانکی نیشتمانیی عێراق (NBI) دەبێتە یەکێك لەو بانکانەی کە بەشداری لەو پرۆژەی (هەژماری من) دەکات و بەوەش کۆی بانکەبەشداربووەکان دەگاتە پێنج بانك. فەرمانگەی میدیا و زانیاری لەڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، بانکی نیشتمانیی عێراق (NBI) بەشداری لەو پرۆژەی (هەژماری من) دەکات و بەمەش کۆی ژمارەی بانکەبەشداربووەکان دەبێتە پێنج بانك، ئەوانیش بریتین لەو بانکانی (Ashur، BBAC، Cihan وRT و NBI).

ئاماژەی بەوەشکردوە، ئەم هەنگاوە بەشێکە لەو هەوڵەکان بۆ دابینکردنی بانکی زیاتر لەبەردەم هاوڵاتیان کەبەرهەم و خزمەتگوزاریی زیاتر بۆ بەشداربوان، سودمەندبوان و موچەخۆران پێشکەش دەکات، هەروەها هەنگاوێکەبۆ پەرەپێدانی کۆبکۆیەکی تەندروست لەکەرتی بانکی و خزمەتگوزاریيەکانی. ئەوەشیخستەڕوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەپێشکەشکردنی ئونکردنەوە و بەرچاوونی لەسەر ئێفەر و رسوماتەکانی ئەو بانکانەبەردەوام دەبێت. چاوەڕوانەکرێت لەو ساڵی داهاتوەوە شۆوازی پارەدانی دیجیتاڵی

دەستەبەر بکرێت

فەرمانگەی میدیا و زانیاری باسی لەوەشکردوە، حکومەتی هەرێم پێشبینی دەکات کە هاوبەشی لەگەڵ بانکی NBI و بانکەکانی دیکەی بەرفراوانتر بێت، بەتایبەتی چاوەڕوانەکرێت لە ساڵی داهاتوەوە شەوازی پارەدانی دیجیتاڵی دەستەبەر بکرێت و بخرێتە خزمەت هاوڵاتیان و بانکی زیاتر بەشداری لەو پرۆژەی (هەژماری من) بکەن.